## خەیاڵ و یادەوەریی، شکۆی ئامانجێک
## خوێندنەوەیەکە بۆ کۆشیعری "چیایەکانی من"ی هەندرێن

عەلی مستەفا
کۆلێژی پەروەردە- شەقلاوە 2017

**لە ناو ڕەگی ئەو زمانەدا، کە لە ناو ئەو هەبوونەدا جماوە، هەست دەکەم بە هاومرۆڤەکانەوە نامۆم. ئەوەی گەرەکمە چۆن بە گوێ بێنم، گوتنگەلێک هەن کە دەبێ بە گۆیان بێنم.**

چیایەکانی من

(چیایەکانی من)، کۆشکێکی هەڵچنراو لە قەبارەیەکی سەرنججواندا، جیهانێکی تایبەتە لە نووسینەوەی مێتافیزیک، باگراوەندە فەرهەنگیی، بۆچوونە کاریگەر و ئیماکردنی ئاوازە نەژەنراو و بەجێماوەکانی ڕەنگ، لە قەدی بنارەوە. گەرەکمە بە بناری ڕابردوویەک هەڵبزنێم، تا لە دوا کەناری ئیماندا بۆ ئارامیی، حیکایەتی باپیرە بگێڕینەوە. هەوڵدان بە گەیشتنی مەبەست بۆ لووتکەی چیایەکانی من، ئومێدە بە گەیشتنی یادەوەریی و خەیاڵە بەنجبووەکانی بڕوا. ئەم کۆ شیعرەی هەندرێن؛ چڕینی سترانی بەهایە بۆ گەیشتن، بۆ لەنگەر گرتنی کەشتی سەرکەوتن، بۆ سەوز بوونی هەموو ئەو جێپێیانەی لە باوەڕی ڕابردوودا بەجێمان. چیایەکانی من گەشتی حەقیقەتێکە لە ڕەنگی ئەفسانەدا بۆ ئەو تۆمارانەی، کە ئێستا نانووسرێنەوە. تۆماری دەنگی بنارە بۆ ئێستا. نووسینەوەی خەیاڵی بارانە بۆ داپۆشنی ماچی ژوان. گێڕانەوەی بانگێکە بەدەم شنەی سەرکەوتنەکان. لێدانەوەی هاوارێکە لە زریکە، ناڵەی منداڵ و ژنانی نیشتمان.
چیاکانی من لە نووسینی هەندرێندا، نووسینەوەی هەندرێنە لە ئاوێنەی ئازار و مەشهەدە ڕەنگاو ڕەنگەکان لە بنار هێلان. کەرنەڤاڵی هەندرێنە مێژوویێک دەبێتە لاوک و بەیتێکی لە شێوە لامپادا. چیاکان شانازییەکانن، لە ناو ماڵی دیلانێی (چیایەکانی من) دا.
محەمەد ماغوت، شاعیری ناسراوی جیهانی عەرەبیی دەڵێت: گەر قەسیدە یان ئەزموونی شیعرییمان بە ماڵێک دانا، ئەوا من لە دەرگەی نادەم، بەڵکو ئەو لە دەرگەم دەدات. هەروەها دەڵێت: دنیایەکی دیسپلینکراوم بۆ شیعر نووسین نییە. شیعر نووسین ئاژاوە و بێسەرووبەرییەکە بە جەنگی ئەسپەکان دەچێت لە تەپوتۆزدا.[1]

هەڵبەتە هەندرێن،- شاعیرێک بریتی نییە تەنیا لە هەست گەمارۆدان، بەڵکو هەموو واقیع لە نووچەی مەراقیدا دەبنەوە بە شایی و لە دەروازەی خەیاڵدا لە دەرگەی نووسینەوە بە تۆهمەی شیعر لە هەندرێن دەچنە ژوور. کەواتە شیعر هەستکردن نییە بە برسییەتی و لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەدوای ناندا ڕابکەی، بەڵکو شیعر ڕەنگدانەوەی ئەزموونە لە پێناو دەسکەوتی گەورەدا، یاخود لێدانەوەی بیرەوەرییە لە سەردەمێک بۆ جوانیی، سەرکەوتن و دەستکەوتنی مەبەست، هەوڵت بۆ داوە. نووچەیەک دەبێتە دەنگۆی بەرز و ئەم دەنگۆیەش زۆر جاران دەبێتە هەڵوێست. لای شاعیر هەست کانگەیە بۆ گەمارۆدان و ئاوێتە بوونەوە، دواجار شیعر دێت و بە شاعیر دەڵێ؛ منم واقیع، سڵاو. ماغوت دەڵێت: لە ئاکامی لێشاو و ئاپۆرای شیعر، هێدی هێدی شەڕەکە ڕوون دەبێتەوە و هەمیشەیش ڕاستگۆیی دەبێتە دەستپێک و کۆتایی شیعرەکانم. ماغوت دەڵێ: من ئەگەر بە خەستی بریندار نەبم نانووسم.[2]

لە خوێندنەوەی (چیایەکانی من)ی هەندرێندا، سەرەتایەک دەستپێدەکات هەست دەکەی بیرەوەرییەک دەنووسێتەوە لە ئاوی حەیات ڕوونتر و لە ڕەنگدانەوەی نووچە و ڕەنگەکانی ئێستا بەرزتر، کۆتایی دەقەکانیش نووسینەوەی ئەو ئازارانەن خەریکە ئەمڕۆ دەبنە پەتایەک بەسەر کۆمەڵگەی کوردیی. ڕەنجی تێکۆشان، بەردەوامی و نەسڵەمینەوە، دەبن بە مۆتەکە. بەڵام ئەوەی شاعیری ناچار ئەو نووسینەوانە کردووە، یاخود ئەو ئازارە پڕ لە ئێشەیە، کە کاریگەری خستووەتە سەر گیان، هەست و بیرکردنەوەکانی شاعیر و بوونەتە فشاری دەروونیی و دواجار شیعر دێت و لە دەرگەی شاعیردا، دەڵێت: سڵاو.

هەندرێن مەنیفێستێکی یادەوەرییە لە ماڵی (چیایەکانی من)دا، بۆیە لە خوێندنەوەت بۆ دەقەکان، دەبینیت خەیاڵ ژەنیارێکە زمانی شیعر لە وێنەی پڕ لە ڕەنگدا عەزف دەکات. بۆیە مەدای خەیاڵ لەم دیوانە شیعرەدا فانۆسێکە بەدەست هەندرێنەوە، کاتێک بەدوای وێستگەکانی ژیان، کولتوور، جوانیی و گوناهەکاندا دەگەڕێت. هەندرێن ئێژێت.

**ئەوەتا گوڵئەستێرەی نیگاکانت بەناو تەنیایی منەوە باڵە فڕێ دەکەن و خاو دەبنەوە. منیش بە دەم باڵەفڕێ و خاوبوونەوەکانتەوە یادەوەرییم فەرامۆشی دەتنێتەوە. لە خودی خۆم ڕادەمێنم و لە ڕۆچوونتدا خۆم دەدۆزمەوە. کاتێک وشەکان چاوتروکانەکانمان دەنووسنەوە، لاپەڕەکان دەبن بە خۆڵەمێشی گوڵئەستێرەی نیگاکانت. من دەتنووسمەوە تا لە یادت بکەم. دەشزانم تۆ لە یاد بکەم، لە چاوتروکانەکانت ڕزگارم نابێ. من لە ژانەوە هاتووم و حەزم لە شەوقی شادییە.**
(چیایەکانی من، ل 10)

شاعیر، خانەخوێی ئازارە، بۆیە ئومێد بە خۆشی و سرەوتن دەخوازێت. بیرەوەری تەمەنێک لە کاروانی ژیان و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە لووتکەی نیگاکانی خۆشیی، لە شعووردا، دەبن بە باگراوەندی ئەزموون و ڕێک تەمەن دەبێتە کێڵگەی نووسینەوەی هەموو دیمەن و هەوڵەکان لە مێژوودا. ئەم دەقە ئۆپێرایە لە کوژاندنەوەی فەرهەنگ و ڕەشبردنەوەی ئازایەتیی مرۆڤ.

نووسینەوەی لە بەهاخستنی جوانییە، بۆ ژیان لە باوەشی جوانتریندا. بیرەوەری گەشتێکە مرۆڤ تووشی سەر ئێشە دەکات. زۆر جاری واش هەیە، تا گەورەتر بین، ڕاچڵەکین بۆ دیمەن یان ڕووداو لە ڕابردوودا دەبێتە بەشێک لە ژیان و پێمانەوە هەڵدەچێت. ماغوت دەڵێت: لەم ناکۆکی و ناڕێکییە چینایەتییەوە، فێری نەفسبەرزیی و یاخیبوون بووم. بیرمە جارێکیان لە کاتی ناشتنی مردوویەکدا، بەگزادەیەک بە ئەسپێکەوە هات تا گەنم بۆ هەژارەکان هەڵبڕێژێت، منیش بەردێکم تێگرت، هەتا ئێستاش جێگەی قامچیەکەی بە گیانمەوە دیارە.[3]

هەڵبەتە یادەوەریی، بەشێکی نەمرە، بە بەژنی ژیانی بەردەوامی مرۆڤ، هەڵدەچێت، جاری واش هەیە دوای مردنیش جۆرێک لە یادەوەرییەکان هەمیشە زیندوون. بەڵام شاعیر دەیەوێت حەقیقەتێک، کە لە ناو بازنەیەکی قۆرخکراودا نامۆ کراوە، دووبارە لە ڕێگەی گێڕانەوەی مێژوویێک لە ئەرکی زمانێکی دەروونیی بکاتە شۆڕەسوارێک و پەیامەکە بگەیەنێتە ناوەندی ئاگاداریی و بیستنەوە. گەرەکیەتی لە ڕێگەی ئەم کەرنەڤاڵەوە حەقیقەتێکی فراوەژوو ڕاست بکاتەوە. کەواتە مێژوو ترسێکە تاهەتایە لە بیر ناکرێت، ناکرێت مێژوو، وەک خۆی قسە نەکات.

**من تۆ بۆ ناخی مەرگ ئاوەڵا دەکەمەوە. کەواتە من هێشتا لە ژیاندام. لە ناو ناخی هەستدا گیرۆدەم. لە ناومدا بوون دەلەرێتەوە.** (چیایەکانی من، ل 45)

مانا فەزیلەتێکی گەرمە لە جەستەی تەڕی شیعردا، شیعر کچ ئاسا دەکەوێتە سەمای سێکسبازییەوە، بۆ ئەوەی مەبەست بەدەستەوە بدات. شاعیر لە تەنگترین دووڕیانی هەڵپەساردنی مانادا، بەدوای جوانترین و حەقیقەترینیاندا دەگەڕێت. عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا دەڵێت: لە گەمەکانی مانا و گومانەوە فەزایەکی شیعریی دەکرێتەوە، کە ئاڕاستەی ئەزموونەکانی بەرەو (هەڵوەشانەوە و وێناکردنی جیاواز) دەبات، ئەوەش یەکێکە لەو دیالۆگە شیعرییانەی، کە چەمکی ڕەشبردنەوە لە ڕێگەی ڕەگەزە هاوبەشەکانیەوە پێیهەڵدەبەستێت.[4]

هەندرێن گۆشەیەکی تایبەتی لە بنیادی نووسین بەرجەستە کردووە، کە هەمیشە زمانی تایبەت لە بنیادی تایبەتدا ڕەنگ و هونەری باشتر و چێژی تایبەتمان پێدەبەخشێت. ئەم جۆرە نووسینەی شاعیر، زمانی کەسایەتییەکی دیار و موڵکدارییە لە هەڵکشانی خاوەنداریەتیدا. شاعیر، وەک هەمیشە بە زمانی یادەوەریی دەدوێت، بەڵام بە خەیاڵێک کوچەکانی مەبەستی ڕازاندووەتەوە، دەیەوێت زۆر جەسوورانە و واقیعیانە پێوەستمان بکات بە بابەتێکەوە، کە لە ڕابردووە، بەڵام لە هەناوی ئێستا پێویستییەکی فەرامۆشکراوە.

شاعیر لە تێکستەکاندا لە هەوڵی ئەوە دایە، شکۆمەندیی و ڕەشبینیی لە ناو یەک بازنەی بەرپرسیاریەتی (ڕابردوو و ئێستا) کۆ بکاتەوە. پێی وایە بوون لە هەر شتێک، مادام بەڵگەن لە

ئیرادە و بوونی هەر دۆخ و واقیعێک، ئەوا گەرەکیەتی (شکۆمەندیی)، کە بەشی ڕاستەقینەی ڕابردووە، جا لەهەر هەوڵ، تێکۆشان و بۆچوونێکدابێت، لە بەرانبەر هەموو ئەو نا شەرعییانەی بەرانبەر بە دۆزی شکۆمەندیی دەکرێن لە ئێستایەک، کە بریتییە لە لەدایکبوونی دەقە شیعرییەکان بە دواوە، زیندوو بکاتەوە و ڕەنگی جوان و تەکانی هیوا بداتەوە بەر هەموو دیمەنەکان. لەم دەقەی سەرەوەیدا جەنگێکی هەڵایساوە شاعیر لە خۆیدا دەدوێت. لەخۆیدا جەنگ خەڵق دەکات. شاعیر بە ڕاناوی (تۆ) کەسی یەکەمی تاک، ڕابردوویەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئاگادار دەکاتەوە. کەواتە تا گەیشتن بە لووتکەی ماف، ڕاستی و هەموو پیرۆزیەکان، جەنگ بەردەوامە. شاعیر لە ناخی خۆیدا بە ڕووی پەیامێکدا وەرمان دەچەرخێنێ. ئیتر ئەوە شاعیرە، وەک ئەلتەرناتیڤێک خستووەتە بەردەم دادگەی بڕیار و گەیشتن بەوەی (ڕەش) بسووتێنین، بۆ ئەوەی بڕیار بدەین چیتر نەمرین. پێی وایە مادام بوونمان هەیە، کەواتە دەبێت لە پێناو شکۆمەندییدا بە شکۆمەندیی نەمر بین. شاعیر دەڵێت:

**ئێستا هەرچیم بە یاد بێتەوە، دەینووسمەوە. هەستدەکەم بە تشتێکی نەناسراوەوە دەرگیرم. لێ تا ئەو کاتەی خۆم لە دەست نەداوە، هەست بە تەنیایی ناکەم. دەمێکی تر هەموو چاوتروکانەکانی ئەم ئێستایە دەچنمەوە، کە خەریکە لە دەست دەچن. ئەگەر دەمزانی قەدەری من ئەوهایە، قەت لە دایک نەدەبووم. لێ نەدەبوو لە دایک نەبم. گومان لەگەڵ ئاوەزدا، دووانەی یەکترن. گومانێک قووت دەدەم کە گومان نییە. تۆ کە هێشتا تەنیای، تێمدەگەیت. من ماندووم. کەمێکی تر دەبێ دەست لەم جەنگە هەڵبگرم.** (چیایەکانی من، ل 62)

شاعیر لە ناخیەوە بە دوای ئەو چرایە دەگەڕێت، کە بۆ نووسینەوەی بیرەوەریی و مێژوو گەرەکە بە دەستی بێنێت. خەیاڵ سەرچۆپیکێشێکی تۆلازە لە ناو هەست و سیاقی نووسین و بنیادی دەقی شیعرییدا. شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە توانیویەتی بگاتە جوانترین مەبەستی شیعریی و هەستیارترین بابەت، کە بە شێوەیەکی خەیاڵیانە دەیانگێوێت. لە دانانی مەنیفێست بۆ واقیعی ئەو ژینگەیەی، کە لە یادەوەریی بە جێماون، بارێکە بەسەر ئەمانەتەوە، دەبێت هەوڵ بدرێت مێژووی ئەم ئارامگەیە لە شکۆی مردوودا دەرنەچێت بۆ نووسینەوە، بە پێچەوانەوەش دەبێت حەقیقەت بەیان بکرێت بۆ ئەوەی هەموومان دەروون ئاسوودە بین.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەوەی بە مەعریفە نامۆکانیان گەیاندین، هەر تەنیا خەونی بێداریی نەبوو، وێنە غەریبەکان، وەک چۆن هەڵگری فەنتازیا بوون، حەقیقەتیشیان پێدەبەخشین، لەو خەونەدا ڕووحەکانمان بە هەموو سەفایەکەوە واقیعی خەونیان دەگۆڕی بە واقیعی مرۆیی.[5]

کەواتە فەنتازیا، یاخود خەیاڵ بە تەنیا ئەرک نییە بۆ چوونەوە ناو ونبوون و نەگیرسانەوە لە بێدادیی، بەڵکو فەنتازیا بوونێکی گرینگە لە بنیادی جوانکردنی حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەت. حەقیقەت یاخود هەر جەبرێک مەنتیق بابەتێکی ڕووتە و برینگ دەچێتەوە لە خاکی سارای

تێڕامانی مرۆڤەکاندا. بۆیە ناگەین بەهیچ حەقیقەتێک و ئامانجێکی مەعریفیی و ڕۆشنبیریی، تا ڕەش نەبینین، ئێمە لە ڕەشچوونەوەی نیشتمانی شتەکاندا، دەتوانین بگەڕێین، تا ئەوکاتەی لە شوێنی هەڵوێستدا لەنگەر دەگرین، ئەو کاتە تەترە بە ڕەنگ و بە زەنگ دەکەین. ئەوە نییە گەزنگ لە باوەشی ڕەشترین تاریکییدا تەترە دەبێت، ئیتر هەر وایە، دیمەنەکان بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەبنەوە، بۆیە بەردەوام فەنتازیا ئەرکی قورستر دەبینێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە گۆشەی وەستاویی ڕووت نەمێنێتەوە و هەمیشە لە ڕێگەی خەیاڵەوە، دەرک بە تاریکیی، ماندووبوون، جوانیی و ڕووناکیی بکات، چ وەک دیاردەیەکی سروشتی لە ژیانی مرۆڤ بەردەوامی دەبێت، چ وەک ڕەمز شکانەوە و ناونانی بۆ شتەکان لە ژیانی مرۆڤدا ئەرک دەبینێت. شاعیر بەدەم هەموو ئەو ئازارانەی دەیبینێت، دەیەوێت ئاوێنەیەک بێت و داهاتوو لەم ئاوێنەیەدا ڕابردوو ببینێت. شاعیر ئەگەرچی لە شیعردا بڕگە بڕگە بە کۆڵانەکانی بیرەوەرییدا دەڕوات و هەدادان و هەناسە لێنیشتوو، لەگەڵ هەموو ڕەشبردنەوەکانیدا دەیەوێت بیرەوەریی بکات بە مەرگ و بیخاتە بەرگی شەرملێنیشتووی ئێستامان. شاعیر لەم هەوڵەیدا دەیەوێت لە تاریکییدا لە گوڵترین ڕێگەدا دەستمان بگرێت، نەبادا بکەوین و فێی ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتیی و بینینمان بۆ هەموو شتەکان بمانگرێت.

شاعیر لەم کۆشیعرانەیدا بەدەم ململانێیەکی واقیعیانە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەعریفیانە، بیرەوەریی دەکاتە ئامانج بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی ڕاستی و ڕابردوویەکی شەکەت بۆ مسۆگەرکردنی ئێستامان. واتە شاعیر لە گێڕانەوەی بیرەوەرییدا، ئێستامان لە بەردەم چەقۆی ژەنگاویی ڕزگار دەکات. عەبدولموتەڵیب دەڵێت: خەونی بێداریی هەڵگری شتە غەریبەکانە، لە ئەزموونی کابووسەوە هەڵدەقوڵێت، لێرە نزیکایەتییەک لە نێوان ڕاو بێداری و ڕووحی بیرکەرەوەدا هەیە، زەمەن لەهەرسێکیاندا بە هێمنی هەنگاو دەنێت، زەمەن قووڵ دەبێتەوە و یادەوەرییەکان بە وێنە دەگەیەنێت، بەو مانایە خەونی بێداریی، بە جیهانی شیعردا دەڕوات. خەونی بێداریی خەونی شاعیرانەیە و تێکەڵە لە وێنە و فیکر.[6]

ڕابردوو، پەروەردەیەکە بۆ ژیان و سەروەری دەمێنێتەوە. واتە لای هەندرێن، ڕابردوو وەک بیرەوەریی چەند گرینگە؛ داهاتووی مرۆڤەکان، کە بەرهەمی هەموو ئەو ئازار و مەینەتیانەن زیاتر گرینگە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک لەسەر خۆشبەختیی و پەروەردەی فیکر، خوویەکی ئازا و شکۆیەکی باڵا بکەوێتە ڕێگەی بوون و مانەوە. هەڵبەتە لە وێنەی دەقەکان (شکۆ) وەک پێوەرێک بۆ هەمیشە مانەوە، ڕەنگی بەخشیوەتە شیعرەکان و خەیاڵی شیعر بۆ دەرخستنی حەقیقەت و دیاریکردنی پێگەی ڕەسەنایەتی لە دروستبوونی شکۆ لە ناو شیعردا، هەمیشە بیرەوەریی دەچنێتەوە. کەواتە مردنیش بە شکۆمەندییەوە جوانە. گرینگە مرۆڤەکان کارێک بکەن دوای مردنیشیان هەمیشە بە شکۆمەندیی، بمێننەوە. کەواتە بیرەوەریی لەلا هەندرێن، تەنیا بریتی نییە لە مێژوویێک، بەڵکو گوناهێکە بێدارە و دەبێت لە گۆشەی بێباکییەوە هەنگاوی لێهەڵبنێین بۆ ئەوەی دواجار لەخەیاڵدا ببنە وێنەی ئەو ڕاستیانەی، کە خەریکن لە ژێر هەترەشی ترس، یاخود

بێئاگاییدا سەر دەبڕدرێن. هەندرێن لە لاپەڕە (85)دا لە شیعری (بۆنی دار گوێزیک لە هەناسەمدایە) دەڵێت:

**لە بووڵێڵێکی ڕاڕادا،**
**خەون دەبینێ.**
**شوون پێی کێوەکانە:**
**یادەوەریی تراویلکەیی تۆ.**
**ئێوارەیەکی نیلۆفەری و**
**دەریاچەیەکی وەنەوز گرتوو،**
**وەک ئەو کۆترەی**
**کە کێوێک بێدەنگ ئاشقت بوو،**
**وەرە بەفری ئەو ئاسمانە فەرامۆش نشینە**
**لەسەر لاجانگەکانمدا بسڕەوە:**
**ئەی دڵە مۆرەکەی یادەوەری!**

هەندرێن کرێوەی دەمەو ئێوارانی درەنگی پاییزە، دادەبارێتە سەر جەستەی چیای ئەزموون و کۆشکی بیرەوەرییەکان. سەمای گەڵایە لە نووسینەوەی مێژووی درەنگی پاییز. تۆمارگەیەکە دەیەوێت تەنانەت هەوڵی چرپەی هەڵوەرینی گەڵا و خرەی بەردی لەبن پێدا ڕۆیشتووی بەردەڵان و تاوێرەکانی چیا تۆمار بکات. شیعر نەشمیلترین ماڵە، کە بیەوێت تێیدا خەیاڵ بکات و بتوانێت بیرەوەریی لە جەستەی وێنەی شیعرییدا گومان دابماڵێت و حەقیقەت، وەک خۆی ئایندە ڕۆشن بکاتەوە. سەباح ڕەنجدەر دەڵێت: شیعر پێویستە هەمیشە لە سەرەتاوە تەماشا بکرێت و باس بکرێتەوە، دوو دیوی بەرجەستە نەکراوی هەیە، ئەم شاعیرە ئەمڕۆ لەگەڵمان دایە و شاعیرێکی زیندوو و داهێنەرە، سبەینێش نەمرە و لە گەڵمان دەمێنێتەوە.[7] بیرەوەریی، بەر لەوەی ببێتە وشە، دواتر بڕگە و دەربڕین، جوانترین بەیانی شیعرە لە هەست و شعووری مرۆڤەکاندا، بەڵام لە خوێندنەوە و خەیاڵکردندا شاعیران دەرکی کاریگەر و بینینی ناسکتریان هەیە بۆ ئەداکردن و بە ئەدەبکردنی خەیاڵ و بیرەوەری ئەزموونیی و خولیاییدا. کەواتە هێزی شیعر ،سەنگەر و قەڵای مانەوەیە بۆ نەمریی. بۆ ئەوەی تاهەتایە، وەک نالی، حاجی و ئەنوەر ... تاد، بخوێندرێیەوە. شیعر ماڵباتێک نییە بۆ نیوەڕۆخوانێک بۆ چەند ساتیک جەم بین، بەڵکو شیعر نووسینەوەی هەموو تەمەنە.
کەواتە نابێت شیعر بۆ مەبەست ئازار بدرێت و لە ڕێگەیەوە هەموومان بمرین، نا!! دەبێ ڕۆژێک دابێت هەموومان لە ڕێگەی شیعرەوە ئازاد بمرین. سەباح ڕەنجدەر دەڵێت: ئەوەی لە ئێمەی نزیک دەکاتەوە خەیاڵی تایبەتی دەقەکانیەتی و داهێنانیش دواخستن قەبووڵ ناکات.[8]

بیرەوەریی، بەشێکی گەورەی بنیادی و مووچڕک دانی خەیاڵە لە هەستی شاعیران و ئەدیباندا. شاعیران، تا خەیاڵ نەکەن نازانن بنووسن، چونکە بنیادی زمانی دەقی کاریگەر و سەرکەوتوو لە ژێر هەژموونی خەیاڵەوە ئافەریدە دەبێت و سەرئەنجام وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە جەستەی شیعردا دەبنە کۆلکە زێڕینەیەکی بابەتیی و هەستیار. هەندرێن لە لاپەڕە (77) ی شیعری (گازێک لە هەرێمی ڕووحەوە) دەڵێت:

**ئەی من، دوا دۆستی رووح و**

**دوا نەیاری دۆڕانەکان،**

**نوتقی ئەو چۆلەکانە کۆ بکەوە**

**کە حوزنی بێماڵیی بۆ نیوە شەوێک دەچڕن.**

**ئەی پەرتەوازە بوو لە نێوان تاراوگە و بێدەنگی چیایەکان،**

**کە:**

**کە خۆکوژییەکی لێوانڕێژ لە ڕامان**

**لە ناوتدایە.**

**بارانێکی شکۆدار،**

**گفتو گۆیەکی باڵدار**

**گازە تریفەییەکانی رووحت دەنووسێتەوە.**

ئەو خەیاڵەی لەم شیعرە هەست پێدەکرێت، سەرچوونی ئەو غەریبیی و دوورییەیە، شاعیر لە نێوان دوو ژینگە، ژینگەیەک پڕیەتی لە بیرەوەریی، پاشخانێکی شکۆدار و پر سەروەریی، ژینگەیەکی تر مانەوەیە لە نیشتمانێک تاهەتایە هەست بە غەریبیی دەکات. هەڵبەتە شاعیر لە نێوان بیرەوەریی و تاراوگەدا، تاسەی غوربەت و دیدار هەڵدەگرێت، بەڵام شاعیر دەیەوێت لە کەرنەڤاڵی خەیاڵدا بەدوای نووسینەوەی ژیان و ئەزموونە زوڵملێکراوەکاندا وچان نەدات، تا دەگاتە سەری کۆڵانی بیرەوەرییەکان. لەم دیتگەیەدا، هەموو ڕابردوو، کە لەم دیوانە شیعرییەدا لە فوارەی بیرەوەریی بڵق دەکەن، دەبێت دواجار لە شکلی سیستێم و حەقیقەتی خۆشگوزەرانیی خەڵک و مێژووی گەلێک ببێتە ئاوێنەیەکی بچکۆڵە لە گیرفانی هەمووماندا، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە ڕابردوو و داهاتووەوە لەم ئاوێنەیەدا ببینین.

لە پووختەی دیوانە شیعری چیایەکانی من، هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو حەقیقەت، گەڕانە بەدوای ویژدان لە ئێستادا لە مەنیفێستی ڕابردوو (بیرەوەریی). چیاکان هێمان بۆ پیاوبوون و ڕەنگینکردنی نیشتمان لە ئاکامی ماندووبوون و تێکۆشاندا. ئەم دیوانە دۆزینەوەی بزنەڕێی هەڵزنانە بۆ گەیشتن، نووسینەوەی پیادەڕۆی سەر پشتی گەڵای درەنگی پاییزانە بەرەو لووتکە، کووتەک شکاندنی بەفری لەرزە و ترسە بەرەو هیوا، هەڵدڕینی سنگی شەوە لە سمکۆڵکردنی

تاریکیی. ئیتر پێمان دەڵێت: مێژوومان پڕە لە سەروەریی و گەرەکمە ئێستاتان بە جوانیی بۆ بنووسمەوە.

***ژیان وەک کەشتییەکی وێڵ، بە بەرچاوی کەنارە کەنفتەکانەوە ڕادەبووری.***
***دەنگێک لە گەرووی یادەوەرییەوە، وەک لمێکی خوێناوی،***
***بانگت دەکا، دەتدوێنێ.***
***درەختەکان دەبنە چیا و لێت دەئاڵێن.***

**هەندرێن، چیایەکانی من**

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


1. ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل 37.
2. ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل9-10.
3. ماغوت، محەمەد، من ترس ڕۆحی سمیوم، و: شوان ئەحمەد، چ2، سلێمانی: ئەندێشە، 2016، ل 37.
4. عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب، زمان، بوون، شیعر، هەولێر: موکریان، 2010، ل 88.
5. عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب، شەڕی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، 2010، ل 51.
6. عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب، شەڕی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، 2010، ل 52.
7. ڕەنجدەر، سەباح ، گۆڤاری هەنار، ژمارە 83، ل 54.
8. ڕەنجدەر، سەباح ، گۆڤاری هەنار، ژمارە 83، ل 54.
9. هەندرێن، چیایەکانی من، کۆ شیعر، چ1، سوێد، 2012.